# ( شۆڕشی "١٧و ٣٠" تەمموز ) لەسەتەلایتی کوردستان!

**بۆتان تەحسین**

لەژمارە (٣٩٧) ی گولآندا کاك سەلام عەبدوللا لەوەلآمی پرسیاری ئەوەی (کە بۆ بیٚ دەنگی؟) دەلیٚت: لەڕاستیدا من حەز ناکەم هەموو رۆژێك بنووسم.. لای من گرنگ ئەوەیە کە دیاردەیەك دەمهەژێنیٚ یان رووداوێك سەرنجم رادەکیٚشی یان کەم و کوڕییەك لەکۆمەلدا دەبینم یان ناهەقیو زولمێك دەبیستم ئەوسا دەست بدەمە پیٚنوسەکەم و لەسەری بنوسم و ئەوکاتە حەز لەنوسین دەکەم..

پاساوی کاك سەلام بۆ بیٚدەنگیەکەی نەبوونی تەوەری زیندووی بابەتی رۆژنامەنوسییە، بەواتای ئەوەی رۆژەڤی کورد لەبەهەشتێکی زۆر سیحراوی دایەو خالٚیە لەهەموو رووداوێکی سەرنج راکیٚش و کەم و کوڕیو ناهەقیو زولم، هەر بۆیەشە بیٚدەنگە، لەکاتیٚك دا هەروەکو (نورەدین سەعید وەیسی) گووتەنی رۆژنامەنووسانی کوردستان لەوە زۆر خۆش بەختن کە بابەتی نوسین هیٚندە زۆرە رۆژنامەنووس فریای ناکەویٚت لەسەر هەموو دیارەکان بنووسیٚت.

تەنانەت هەندێك جار ئەگەر هەر لەمالٚەوەبیو نەچیە دەر بابەتی نوسینی رۆژنامە نووسی یەقەت پیٚدەگریٚت، لەم رۆژانەدا بەدیار بەرنامەی (المنبر) ی کاك ئەمیر فندی دانیشتبووم، میٚوانی بەرنامە سەرۆکی بەشی زانستە سیاسیەکانی کۆلیٚژی یاساو رامیاری بوو، تەوەری باسەکەش شیتەلٚ و لیٚکدانەوەی یاسایی هەندیٚ ویٚستگەی سیاسی بوون لەمیٚژووی هاوچەرخی عیٚراقدا، لەمیانەی باسکردنی ئەم پسپۆرە سیاسیە بۆ کودەتا شوومەکانی عیٚراق، بەبیٚ خۆگرتنەوەو زۆر بەئاسایی ناوی کودەتاکەی (١٧و ٣٠) تەمموزی قیٚزەونی بەعسی بەشۆڕشی حەڤدەو سی تەمموز ناوبرد، بەم وەسفەی سەرسام بووم و لام سەیر بوو پیٚشکەشکاری بەرنامە لەبەرامبەریدا بیٚدەنگ بوو، خودی راست نەکردنەوەکە شایەد حالٚیەکە بۆ جوانکردنی ویٚنەی ئەم رووداوە شوومە. چونکە ئەو فەرهەنگەی رەوایەتی دەدات بەناوبردنی (١٧و ٣٠) تەمموز وەك شۆڕش، خودی ئەو فەرهەنگەش شۆڕشەکانی کورد بەیاخی بوون و چەتەیی ناو دەبات و حەلآلی خویٚنی سەدان هەزار قوربانی بزاڤی سیاسیو نەتەوەیی کورد دەکات و کەمترین ماف بۆ ئەم گەلە بەرەوا نابینی.

سەیرو سەمەرەی ئەم رایەش لەوەدایە کە ئەم میوانە بەرپرسی بەشی زانستە سیاسیەکانە لەزانکۆیەکی کوردستانی ئازاددا، بەپیٚی نەریتی باو و بنەمای شارستانیش هەر ئەو هەقی هەیە پۆلیٚنی ویٚستگە سیاسیەکان بکات و بیانخاتە تەرازووی رەواو نارەوایەتی، جا وای لەحالٚی ئەو نەتەوەیەی لەسەر دەستی ئەم مامۆستایە بەچەمکی سیاسیو وانەی کوردایەتیو نیشتمانی جۆش دەدریٚت!

لیٚرەش دا هەستیاری کاری راگەیاندن دەردەکەویٚت کە هیٚندە وریایی گەرەکە، ئەگەر بیٚتو بەئاگاداریو شارەزایی مامەلٚەی لەگەلٚ نەکەین ئەوا زۆر بەئاسانی ناسنامەی نیشتمانی لەکەسانی ماندوو نەناس و فیداکار دەسیٚنیٚتەوەو دەیخاتە پالٚ کەسانیٚکی ناشایستەو، کەسیٚکی وا دیٚتە ئارا کە سبەی رۆژیٚ لەجیاتی ئەم هەموو شەهیدانەی کوردستان پەیکەر بۆ سەدام و عەلی کیمیاییو عزەت دوریو تەها جەزراوی دروست بکریٚت. . .



www.kurdistannet.org